**سەرنجێک**

ئەم بابەتە مانگێک لەمۆ پێش نوسراوە، لە بەر چەند هۆکار دەمویست کە نەزەری کاک بەهمەن سەبارەت بە بوچونەکانم وەرگرم، زۆرم هەولدا رێگایکی پەیوەندی گرتن بە بەرێزیەوە ببینمەوە بەلام بەداخەوە ئەو بەرێزە لە دەسترەسدا نەبو.

هاورێک ئەورۆ خەبەری پێدام کە زۆر زوتر لەوەی کە تۆ چاوەروانیت دەکرد سیناریوەکەی دەزگاکانی گۆشار کەوتە پراتیکەوە و کاک بەهمەن بۆ خۆی نامەی نارەزایەتی بلاو کردوەتەوە. نارەزایەتی دەربرینی قۆبادی مەجالی گۆنجاوی رەخساند بۆ بلاو بونەوەی ئەم بابەتەیش. د.ج

# گەورە دەرهێنەری کورد بەهمەنی قۆبادی و پیلانێکی شاراوەی دەزگا ئەمنیەتیەکانی ئێران

**دلشاد جەمشیدی**

10.01.2007فینلاند

dlshahorami@yahoo.com

هەمووکاتێک هەولم داوە کارەکانم رەنگدانەوەی رەنج و دەردی ئەو کەسانە بن کەلە کوردستاندا دەژین.

رەنج و ژان و شەر بوەتە بەشێک لە ژیانی کوردەکان.کاتێک بۆ دواوە دەگەرێمەوە هەست دەکەم کە لە دالانێکی تەنگ و تاریک کە ئاکامی شەرە گەورە بوگم.لام وایە هەتاهەتایە لەم وەلاتەدا شەر دەبێت و کەسیش ناتوانێت رزگاری بکا.

(( لەوتەکانی بەهمەنی قۆبادی لە سی و یەکەمین فستیوالی کۆرتە فیلمی تاراندا))

بەهمەنی قۆبادی لە سالی 1348ی هەتاوی(1969)زاینی لە شاری بانە لە دایک بووە. چوارەمین مندالی بنەمالێکی خێزانباری هەفت کەسیەو لە هەمان کاتیشدا کورە گەورەی مال. تا تەمەنی 12 سالی لە شاری بانەدا ژیانی بردووەتە سەر و لە گەل دەسپێکردنی شەر لە ناوچەدا ئەوان بار دەکەن بۆ سنە و لەوێ نیشتەجێ دەبن. دواتر لە زانکۆی دەن و رەنگی ئێران(صدا و سیما) دەبێتە خۆێندکاری بواری سینما،بەلام لە بەر هێندێک هۆکاری ئابووری پرۆسەی خۆێندن بە نیوەچلی بە جێ دەهێلێت.



قۆبادی له کۆتای ساڵه‌کانی ده‌یه‌ی شه‌ستی هه‌تاویدا ده‌ست ده‌کات به کاری وێنه‌گرتنی هۆنه‌ری و ماوێک له شاری هه‌مه‌دان به‌م کاره‌وه سه‌رقاڵ ده‌بێت. هه‌ر له‌و شاره‌دا له گه‌ل خزمه‌تی سه‌ربازی یه‌که‌مین کاره‌کانی خۆی له بواری ده‌رهێنانی کۆرته فیلم دا  ده‌ست پێ ده‌کا و ئاکامی کارکردنی قۆبادی له‌و ساڵانه‌دا له بواری کۆرته فیلمدا کۆمه‌لێک کۆرته فیلمی هه‌شت میلیمیترین که به ناوبانگترینیان (باز باران با ترانه) دیسان باران به ئاوازه‌وه توانی له فستیواڵی سینمای لاواندا خه‌ڵات وه‌ربگرێت.

له‌راستیدا قۆبادی دوای به به‌رهه‌مهێنانی کۆرته فیلمێکی تر به ناوی ژیان له مژدا( زندگی در مه ) توانی خۆی وه‌کوو ده‌رهێنه‌رێکی به‌توانا له درۆستکردنی کۆرته فیلمدا به سینمای ئێران بناسێنێت ، و به بروای زۆر که‌سان ئه‌م کۆرته فیلمه و ئه‌و خه‌ڵاتانه که به هۆیه‌وه پێشکه‌شی قۆبادی کران توانیان مه‌جالی له دایک بوونی کاتێک بۆ سه‌رخۆشی ئه‌سپه‌کان بره‌خسێنن.





قۆبادی و تا رادێکی زۆریش سینمای کوردی لە گەڵ نمایش درانی ئەم فیلمە تواو کوردیە کەوتنە سەرەتای دەسپێکردنی  پرۆسەی ڕێگای بە جیهانی بوون. نابێت لەو راستیەیش چاو بپۆشین کە قۆبادی ئەم ڕێگایەی بە پشت بەستن بە تەواناکانی خۆیەوە بە حەق زۆر بە خێرای و زۆر سەرکەوتوانە بری ،وەکوو دەرهێنەرێکی کورد کە شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە دەکات و بە شەهامەتەوە بەرگری لە کورد بوونی بەرهەمەکانی دەکات.
بەسەرهات یان سناریوی کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان تا رادێک هەمان سناریوی ژیان لە مژدا بوو،بەڵام بە دارشتنێکی نوێ و زیادکردنی پلانگەلی پیویست بۆ بوون بە فیلمێک کە بتوانێت لە ئاستی جیهانیدا بدرۆشێتەوە.
فیلمی ئەسپەکان خەڵاتی کامێرەی زێرینی فستیوالی کەن و بە دەیان خەڵاتی تری لە ئاستی نێونەتەوەی و نێوخۆیدا  پێبەخشراو قۆبادیش بە کەشکۆلێکی پراوپر لە تەجرۆبەو بیرۆکەی تازەوە کە هەموو کوردی پۆش بوون بۆ لوتکە هەرە بەرزەکانی دنیای سینما هەنگاوەکانی خێراتر کرد.
شاکارەکانی دیکەی بەهمەنی قۆبادی کە هەموو بە دەیان خەڵاتی نێونەتەوەیان وەرگرتووە بریتین لە کیسەلەکانش دەفرن(لاکپشت ها هم پرواز میکنند)  (اوازهای سرزمین مادریم) و نیوەی مانگ (نیمە ماه) کە گەورە هۆنەرمەندی ژنی سینمای ئێران هیدیە تارانی دەوری بەتەلی فیلمەکە دەگێرێت.
قۆبادی دوا بەدوای قەدەخەکرانی پیشان دانی فیلمی کیسەلەکانیش دەفرن لە نیوەی کاردا بریاری داوە چیتر لە ئێراندا فیلم ساز نەکات، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بە هۆی وەستاندنی نمایش کردنی فیلمەکەی ،بەهمەنی قۆبادی توشی جۆرەها کێشە بوو لە گەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار بە قەزیەکەوە.
ئەوەی کە زۆر کەس لایان وابوو کە قۆبادی بە سازنەکردنی فیلم لە ئێراندا لەمۆ بەدوا چی دی هیچ کێشەی لە گەڵ دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی نابێت، لە راستیدا لە بنەرەتدا بیرۆکەیکی خەیالی زیاتر شتێکی تر نەبوو،چۆن  رژیمی کۆنەپەرست و کۆنەپەروەری حاکم لە ئێرانی ئەورۆدا لە ئاست پرۆژە راستەقینەکانی چینی رۆشنبیردا لەوە بەرچاوتەنگتر بیر دەکاتەوە کە بتوانێت تەحەمۆلی بەرهەمەکانی قۆبادی بکات کە لە رەوانگەی حاکمیەتەوە هەولدانێکی بۆندارن کە سەریان لە ئاخوری رۆژئاوادایە . وەکوو حەبیبی کاسە سازی پاسداری بە زۆر رۆشنبیر کراو وتەنی وەلات فرۆشی تاقمێک کە دەیانەوێت وەلاتێکی وێران و خەلکێکی برسی نیشانی دەرەوە بدەن و راستیەکان چەواشە دەکەن.
قۆزتنەوەی ئەو تەنگە مەجالانە کە لە پرۆژەی بە ناو ریفۆرمی دەورانی خاتەمیدا هاتنە کایەوە لە لایەن چینی رۆشنبیری سەرانسەر ئێرانەوە و بەتایبەتیش لە لایەنی رۆشنبیری کوردەوە و کەلک وەرگرتن لە تەواویەتی زەرفیەتی مۆمکینی ئەو تەنگە مەجالانە بۆ دربرینی دەردە مێژوویەکانی میلەتیکی خنکێندراو.
 هۆکارگەلێکی هەرە بنەرەتی بوون بۆ پەروەردە بوونی چەندین رێکخراوی مەدەنی و جۆرەها بۆنیاد و ئۆرگانی فەرهەنگی کە لە لایەن چینی خوێندەوارەوە بەرێوە دەچوون .
لە بواری کاری سینەمایشدا ئەم گەشە کردنە بە جوانی هەست پێدەکرێت و بەرهەم هاتنی جۆرەها فیلمی کورت و درێژی کوردی لەم سالانەدا لە رۆژهەلاتی کوردستاندا بێ گۆمان مۆژدەی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئەتوانین چاوەروانی هاتنی قۆبادیەکانی تر بین.
هەر ئەم راستیە بوو کە دەسەلاتدارانی تاران نشینی هان داوە بۆ دارژاندنی پرۆژێکی درێژخایەنی بە قەولی خۆیان فەرهەنگی بۆ خنگاندنی ئەو دەنگ و رەنگە کوردی پۆشانە ،بەلام ئەمجار بە پرۆژێکی لە پێشدا بە وردی دارێژراو و جیا کار
لە گشت تەجرۆبە کانی جارانیان . بەلێ ئەمجار هەستاون بە ئامرازی چێنێکی هۆنەرمەندی قالبوو لە ولایەتی خامنەی و سینمای شەردا دەیانەوێت دەنگی ئەم چینە رۆشنبیرە نوێ خواز و نوێکارە لە گەروودا بخنکێنن.
بەرنامەی سینما و فستیوال(سینما و جشنوارە)  کە رۆژانی سێشەمە لە کانالی (جام جم) بلاو دەبێتەوە ، بەرنامێکە کە هەروا لە ناوەکەیدا بەدیار دەکەوێت  لە سەر سینمای ئیرانی دوای ئینقلاب و هەولێکە بۆ بەدواچوونی هۆکارەکانی خەلات کران یان خەلات نەکرانی فیلمەکانی بەرهەم هاتوو لە سینمای ئێراندا و

بەشێکی هەرە گرینگی پرۆژەی بێ ئابروو کردنی هۆنەرمەندی راستەقینە و دەرهێنەری سەرکەوتووی کورد بەهمەنی قوبادی و سەرجەم ئەو کەسانەیش کە بۆنی کارەکانی قوبادی لە بەرهەمەکانیان دا دەکریت.
پێشکەشکاری بەرنامەکە مەسعود فەراسەتی یەکێک لە بەناوبانگترین رەخنەنوسانی سینمای ئێران و لە هەمان کاتدا هەلسێنگێنەری فیلمیشە لە فستیوالە ناوخۆیەکاندا .



مەسعودی فەراسەتی

میوانانی بەرنامەکەیش کە هەر هەفتە بە رۆخسار دەگۆردرێن دەتوانم بلێم هەموو خاوەنی یەک شێوە روانین و خوێندنەوەن سەبارەت بەو پرسانە کە لە لایەن مەسعودی فەراسەتیەوە لە قالبی پرسیارێکدا دەبننە میحوەری بەرنامەکە.
ئەم بەرنامەیە لە نەوعی خۆیدا هەولدانێکی نەزۆکی لاینگرانی تۆندوتیژیە لە کاری فەرهەنگیدا و بیرۆکێکی هەرەس هێناوە کە دەیهەوێت لە هەولەکانیدا بۆ تاوانبار کردن یان لانی کەم بۆندار پیشان دانی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی گەورە دەرهێنەران مەجالیک بۆ نیرووی فیشار برەخسێنێت بۆ بەرەو رووبوون لە گەل ئەم چینە لە هۆنەرمەندانی بە قەولی ئەوان غەیرە ئەرزشی ساز.،
هەول ئەدابۆ دۆزینەوەی پاساوێکی تا رادێک ئەقلانی بۆ هۆکارەکانی هەرەسهێنانەکەی سینمای شەر و ئایین .
لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتنەکانی چەند دەرهێنەری بە ناوبانگی ئێرانی کە سەلماندوویانە بەشێک نین لە پەیکەری ئەو سینمایە کە لە خزمەتی دەسەلاتێکی سەرکوتکەردا تێکۆشانی هەیە راستەوخۆ دەداتە بەر تەشەرو راستەو خۆ بەوە تاوانباریان دەکات سیناریوی ئەم جۆرە فیلمانە کە لە دەرەوە دەنگ دەدەنەوە لە رۆژئاواوە سیفارش دەدرێت و ئەم جۆرە فیلمانە و ئەو دەستە هۆنەرمەندانە دەخاتە بەرۆکی بێگانەی دوژمنی وەلات و ئیسلامەوە.
و هەولی ئەوە دەدا کە بە عیلمی ئیشارە و لە قالبی کنایەدا بلێت کە ئەو دەستە هۆنەرمەندانە کە لەکارەکانیاندا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و بوونەتە سیمایکی جیهانی جاسوس یان بەکرێگیراوی سیاسەت دارێژەرانی رۆژئاوای نەیاری سیتمی هەنووکەیی ئێرانن.
بگرە زۆر خوێنەری کورد نەزانێت کە تاکوو ئێستا هیچ دەرهێنەر یان هۆنەرمەندێکی تری بواری سینما بە درێژای تەمەنی سەت و چەند سالەی سینمای ئێران نەیتوانیوە هێندەی قوبادی ئەم گەورە دەرهێنەرە کوردە لە فستیوالە نێودەولەتی و مۆعتەبەرەکاندا خەلات وەر بگرێت و ببێتە خاوەن ناو و ناوبانگی جیهانی.
(کاتێک بۆ سەرخۆشی ئەسپەکان) لە گەل ئەوەی کە بۆخزەکانی گەرووی تەقاندینەوە و لافاوی گریانی لە هۆلی سینماکاندا وەرێ خست لە هەمان کاتدا مۆژدەی لە دایک بوونی ناودارێکی تری گەلەکەمانی بۆ هێنایین و دلمانی خۆش کرد بە سەر لە نوێ ژیانەوەی بیرۆکەکانی یەلماز گۆنای.



بەلام بۆ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتنی بەهمەنی قۆبادی بەو دەسەلاتە بەهێز ە هۆنەریەوە هیچ مانایکی تری نەبوو جگە لەوە کە کوردی بن دەستیان ڕێگایکی تری دیوەتەوە بۆ دەربرینی ژانەکانی .

تووڕەبوونی دەسەلاتدار لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەم ڕێگا تازەیە واتە ڕژانە ناو ویژدانی مرۆڤایەتیەوە لە ڕێگای شاشەی سینماوە بەرەنگار بوونەوەی یان دۆزینەوەی ڕێگایک بۆ کوێر کردنەوەی کارێکی زۆر زەحمەتە و بگرە هەولدان بۆ لەناوبردنی کەسێک کە تازە دوای سەرخۆشی ئەسپەکان بوەتە سیمایکی جیهانی زۆر کێشەی نێونەتەوەیان بۆ بنێتەوە و ببێتە هۆی تەریک کەوتنەوەی یەکجارەکیان لە کۆمەلگای نێونەتەوەیی.

سەرکەوتنە دوا بە دوایی یەکەکانی بەهمەنی قۆبادی و چونە سەر سنی زۆربەی ناوەندە بەناوبانگەکانی بواری سینمای کوڕە کوردێک کە کارەکانی هەموو کوردانە بوون بۆ وەرگرتنی خەلاتە بەناوبانگە جیهانیەکان بە دلنیایەوە عەمامە بەسەرانی قۆم و تارانی دەبۆخزاند.

بەلام نیمچە سەربەخۆیی کوردەکانی باشور و دەسەلاتی کوردی لە باشوردا و پشتیوانی بەرپرسانی هەرە پایە بەرزی حکوومەتی هەرێم لە پەدیدە تازەکەی کورد برستی هەموو هەولەکانی کۆماری ئیسلامی بریبوو بۆ تەزاندنی قۆبادی لە نیوە ڕێدا.

بە دلنیایەوە حکومەتی تاران بۆیە نەیتوانی لە گەل قۆبادی بەو جۆرەی کە سۆنەتیەتی بجولێتەوە چۆنکە باش دەیزانی بەهمەن پشتی بە باشورەوە قۆرسەو و باشوریش ئەو پۆتانسیلەی لە هەموو بارێکەوە تێدایە کە بەهمەن لە کاروانەکەی بەجێ نەمێنێت و ئەسپی سەودای میللەتەکەی تاوبدا لە بەر دیدەی چاوە شوشەکانەوە.

هەر وەک چۆن لە فیلمی کیسەلەکانیش دەفرن دا ئەم ڕاستیەی سەلماند.

بێ گومان هەر لە گەل یەکەم خەلات کرانی قوبادیدا بەناو هونەرمەندان و دەرهێنەرانی لە وەلایەتی فەقیدا تواوەوە
بە چەشنی ئاغاکانیان تووره بوون و بۆ تاقە ئیشاریک دەگەران کە ببن بە مینبەریک بۆ بۆختان هەلبەستن و بێ حورمەت کردنی ئەم دەنگ و رەنگە بە هێز و بەجیهانی بووە کە هیچ بە فیکر لە گەلیان نیە بەلکوو بە ئایین و زمان و نەتەوەیش لەوان جیاکارە ئەمانە هەموو فاکتگەلیک بوون بۆ تورەبوونەکانی وەقت و ناوەقتی بەناو هونەرمەندانی مەداحی کوماری ئیسلامی. بەرنامەی سینما و فستیوال بۆ سەمپاشی کردنی زیهنی خەلک و زەربە لێدان لە ئیعتبار و پریستیژی چەند کەلە هونەرمەندیک سازدەکرێت کە سەلماندویانە بەشێک نین لەو سینمایە کە تەنیا و تەنیا بە بالای رژیمدا هەلدەلێت و پاکانە بۆ جنایەتەکانی سیستمێکی سەرکوتکەر دەکا.
بە بێ گومان بەهمەنی قوبادی وەک پێشەنگی ئەم قافلەیە لە ریزی هەرە پێشی ئەو کەسانەوەیە کە راستەو خۆ و ناراستەوخۆ هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتی و کارەکانیان و لە قالیبی عیلمی ئیشارەی بێ پەردەدا بەوە تاوانبار دەکرێت کە سیناریوی فیلمەکانی سیفارشی دنیای رۆژئاوان و هەلبژاردن و خەلات وەرگرتنی کارەکانی لە فستیوالەکاندا ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە.
ئێمە باش دەزانین کە ئەم جۆرە قسانە و لێکدانەوانەی بەرێوبەران و میوانانی ئەو جۆرە بەرنامانە هەولدانن بۆ پێشوەقت تاوانبار کردنی ئەم هونەرمەندە گەورەیەی گەلەکەمان و ئامادەکردنی زیهنیەتی تاکی ئێرانی غەیرە کورد بۆ ئەو کاتەی کە دەیانەوێت پیلانە لە پێش ئامادەکراوەکەیان بخەنە پراتیکەوە.
لە بەرنامەی ئەمرۆی سێ شەمەی2007،01،09ی مەسعودی فەراسەتیدا (سینما و جشنوارە) بەرپرسی پێشووی سازمانی سینمای بەرگری پیروز(دفاع مقدس) وەکوو میوان و رەخنەگری بواری سینەما ئامادە بوو .
هەلویستەکانی ئەو بە ناو رەخنەگرە لە یەک رەستەدا ئەو بیرۆکەیەی لای من گەلالە کرد کە کاتی ئەوە نزیک بووەتەوە کە قوبادی و قوبادیەکان و هەموو ئەوانە کە چاوەرێ ئەوەیان لێ دەکرێت سبەی ببنە قوبادیک بۆ خۆیان بێ دەنگ بکرێن.



ح. کاسه ساز

پاسداری بە زۆر رۆشنبیر کراو لە قسەکانیدا ئاشکرا باسی لەوە دەکرد کە ئەو دەرهینەرانە کە تاکوو ئێستا ئێرانێکی پر لە نەداری و برسیەتی و بێ ماڤیان نیشانی دنیای دەرەوە داوە ئێران فرۆشیان کردووە.(حبیب اللەکاسەساز دەرهێنەری سینما کە ئاخرین بەرهەمی (مزرعە پدری)ە.
حەبیبی کاسەساز بەرپرسی پێشوی سینمای شەر بە مەلوولیەوە دان بەو راستیەدا دەنێت کە سینمای شەر (سینما دفاع مقدس) لە دەرەوەی ئێران هیچ بینەری نیە و رێگای پێ نەدراوە لە هیچ فستیوالێکی جیهانیشدا بچێتە سەر پەردەی سینەما.
هۆکارەکەیشی دەگەرێنێتەوە بۆ ئەرزشی بوونی ناوەرۆکی ئەم جۆرە فیلمانە واتە ناراستەوخۆ پروپاگەندە بۆ (غەیرە ئەرزشی )بوونی ئەو سینەمایە دەکات کە ئاوێنەی بالا نوێنی جۆری ژیانی خەلکی دانیشتووی ئێرانە و بە لادان لە بەها پیرۆزەکانی ئینقلاب (شۆرشی ئیسلامی)تاوانباریان دەکات.
ناوبراو بەوەیشەوە ناوەستێ و هۆکاری خالی بوونی سینماکان لە بینەر بە بێ ئەوە ئاورێک لە دیاردەی سانسۆر بداتەوە یان باسی ژمارەی ئەو فیلمانە بکات کە مۆلەتی پیشاندانیان پێ نەدراوە لەدوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژادەوە. دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گۆایە بنەمالە(خانوادە) متمانەیان بە سینەما نەماوە و زۆر چەواشەکارانە باس لەوەوە دەکا کە ئەگەر بنەمالێک بیهەویت بچێت بۆ بینینی فیلمێک دەبێت لە پێشدا باوکی مال بروات جارێک ببینێت بزانێت جلف بوونی تا چ رادێکە نەکا بۆ بنەمالەکەی بە قەولی کاسەساز (بداموزی)

یان هەمان پەروەردەی خرابی بەدواوە بێت، بەڵێ لە کاناڵێکی رەسمی کۆماری ئیسلامیدا هەموو پیاوانی ئێرانی تاوانبار دەبن بە سانسۆرچیەتی، هەموو ژنان بە متمانە پێنەکراو و هەموو فیلمەکانیش بە جلف وغەیرە ئیخلاقی.





کاسەساز حازرە ئەم هەموو بێ حۆرمەتیە بەخەلک بکات تەنیا لە بەر ئەوە بیسەلمێنێت کە ئەو دەرهێنەرانە کەلە گەل سیستم نین پەرەپێدەری بێ ئێخلاقین لە ناو کۆمەلگادا .
لێرەدایە کە مرۆڤ هەست دەکات پرۆژەکەی کاسەساز ، فەراسەتی و عالیجنابانی پشتی پەردە لە تەواو بووندایە و کاتێکیش کە کاسەساز بەو پەری بروا بەخۆبوونەوە پیشبینی ئەوە دەکات کە ئێتر فستیوالە ( بە قەولی ئەو) سیاسیەکانی رۆژئاوا لەوە زیاتر کریاری ئەو جۆرە بەرهەمانە نین کە باسی فەقیری و هەژاری و داماوی خەلکی ئێران بکات و لەمۆ بەدوا بە دلنیایەوە داوا لەو دەرهێنەرانە دەکەن کە ددانی رەخنەیان لە لێنزی کامێرەکانیانەوە لە بەها پیرۆزە ئاینیەکانی خەکی مۆسەلمانی ئێران گیر کەن و راستەوخۆ پێش وەقت رادەگەینێت کە درگای رەخنە گرتن لە کلتووری کۆن و دابە کۆنەکانی ناو کۆمەلگا بەرووی هەموو کەسدا داخراوە و هەولدان بۆ تەنانەت لە درگا دانیش دەکەوێتە چوارچێوەی بێ حۆرمەتی کردن بە باوەرە ئایینیەکانی کۆمەلگای تواو مەزهەبیەوە . باش هەموومان دەزانین ئەم بە ناو تاوانە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا چ جۆر سزایکی بۆ پێشبینی کراوە.
بینەر لەوە دلنیا دەبێت کە کاتژمێری سفر خەریکە نزیک دەبێتەوە بۆ ئەو دەرهێنەر و هۆنەرمەندانە کە لە مەجالێکی کۆرتی زەمەنیدا بە هیمەت و ئازایەتی خۆیانەوە توانیان سوچێکی بچووکی راستیەکانی کۆمەلگاکەیان پیشانی دنیای دەرەوە بدەن.
پرۆژەی داهاتووی بەرێز بەهمەنی قۆبادی تا جێگایک من ئاگادر بم به بەشداری گەورە ئەکتەری سینمای ئێرانی بەر لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی(قبل از انقلاب) واتە بێهرووزی وثووقی دەبێت و ئەم ئەستورەیەی سینمای ئێرانیش بە خۆشحالیەوە ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردن و دەور گێران لە فیلمی داهاتووی قۆبادیدا راگایاندووە.
ئاخۆ کاسەسازی سینما کۆنکۆرس کراوەکەی شەر کە هەموو شانازی ئەوەیە کە لە دەولەتانی کەنداودا (کویت)و لە لۆبنانیشدا فیلمەکانی شەری پاسدار و جۆندی بینەری باشی هەیە کاتێک دەلێت رەخنە گرتن بە فیتی رۆژئاوایەکان لە باوەر و بەها پیرۆزەکانی فەرهەنگ و ئاینی خەلک هێلی سوورە و نەسیحەتی خەلک

دەکات کە خۆی لێ نەدەن ئیشارە نیە بە هاوکاری وثووق و قۆبادی و ترس نیە لە ئاکامی کاری ئەو دوو کەڵە هۆنەرمەندە و لە هەمان کاتیشدا هەرەشە کردنێکی ئاشکرا نیە لە قۆبادی کە چووەتە سەر وەقتی وثووقەوە کە لەلای سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بە باوکی سینەمای بەد رەوشتی بەر لە شەورشی ئیسلامی دەناسێندرێت.
کاسەساز دیسان بۆ ئەوەی بە رای خۆی بینەر و خەلک چەواشە بکات دەیانخاتە بازنەی چەند پرسیاری لە خۆ گالتەجارترەوە و لە بینەر دەپرسێت بۆ لە خۆتان ناپرسن کە حاتەمی کیا ئەو هەموو فیلمەی درۆست کرد بۆ تەنیا جارێکیش
خەلاتێکی جیهانیان پێ نەدا و وەک نموونە ناوی چەند دەرهێنەری تری سینمای سەر دەبا.(حاتەمی کیا دەرهێنەری زۆربەی هەرە زۆری فیلمەکانی سەبارەت بە شەری ئێران و ئێراق)
کاسەساز حیسابی چەند کەسێکیش کە خەلاتیان وەرگرتووە دیسان جیا دەکاتەوە تا قۆبادی دیسان بخاتە ئالقەیکی تەنگترەوە واتە دەرهینەرانی فیلمەکانی (رنگ خدا)رەنگی خوا و (بچەهای اسمان)منداڵانی ئاسمان کە خەلاتی جیهانیان پێبەخشراوە بە نموونەی دەگمەنی ئەو فیلمە ئەرزشیانە ناو دەبات کە فستیوالەکان و بەرێوبەرانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ئامریکاوە لە بەرانبەر گەورەیی و بەهێزی باری مەعنەوی فیلمەکاندا بە چۆکدا هاتوون و رێگای بەشداریبوونیان پێ داون و ناچاریش خەلاتیان کردوون.



بهروز وثوقی

تەنیا کەسێک کە ناوی راستەوخۆ نایێت یان زۆر کەم بە ناو باسی دەکەن لەم زەنجیرە دانشتنانەی رەخنەگەرانی بواری سینەمای ئیسلامیدا هەر هەمان گەورە هۆنەرمەندی گەلەکەمانە.
و لە زەنجیرە دانیشتنەدا دانەدانە ناوی دەرهێنەرە گەورەکان و سەر بەدەرەوەکانی ئێران دەبەن و بە جۆرێک شیرفامیان دەکەن کە مەبەستمان ئێوە نیە چۆن لە بەرنامەی ئەوروۆدا بۆ مەجید مەجیدیان کرد کە من پێم وابوو لانی کەم مەجیدیش لە گەل قۆبادی حەشر و نەشر دەکرێت بەلام ئەویشیان هەلاورد و ماوەتەوە لە ناو بازنەکەدا تەنیا و تەنیا بەهمەنی قۆبادی کە باسی بە روونی ناکەن و لە بەرنامێکدا کە ئەو هەموو هەزینەیەی بۆ کراوە سرِف بۆ تاوانبار کردن و خائین نیشان دانی قۆبادی بە سیستم سەیرە باسی هەموو کەس دەکەن بەس قۆبادی نەبێت  کە هەروەک لە پێشدا وتم هیچ هۆنەرمەندێکی بواری سینما بە درێژای مێژهووی سینمای ئێران هێندەی ئەو خەلاتی وەرنرگرتووە.
لام وایە ئەم هەرەشە بەرنامانە قەد ئاکامی چاکیان لێ نەکەوتوەتەوەو ناکەوێتەوە و هیوادارم خەلکی ئێمەیش لە رادێکی تێگەیشتنا بێت کە بتوانێت ئەم رۆلە بە شەهامەتەی خۆی وەکو گلێنەی چاوی بپارێزێت.
گەرچی قۆبادی وتوویەتی کە چیدی لە ئێراندا فیلم ساز ناکات بەلام ئاخۆ ئەتوانێت بلێت چی دی لە سەر کوردستانی بن دەستی ئێرانیش فیلم ساز ناکەم ؟
بێ گۆمان وەلامی قۆبادی نایە و هەر ئەم راستیەیشە کە جارێکی تر قۆبادی ئەخاتە مەتەرێزی بەرگری کردن لە هەژارە گەلەکەیەوە و دۆژمنانی گەلەکەیشی هەر لە ئێستاوە بە کەلک وەرگرتن لە بە ناو هاوسنفانی خۆ فرۆسی قۆبادی واتە هۆنەرمەندانی پارێزەری سیستمی کۆن دەیانەوێت زەبر لە پەیکەری سەرتاپا شانازی و خۆشەویستی ئەم گەورە دەرهێنەرەی گەلەکەمان بدەن.
لەوەلاتانی ناوچەدا بە بیانووی ئەوەوە کە ئەو شوێنانە کوردی تێدا دەژی هیچ سەرمایەگۆزاریک نەکراوە من بەم وەزعیەتە نارازیم و دوربینەکەیشم چەکی منە. بەهمەنی قۆبادی
لە گەل هیوای سەرکەوتن بۆ هۆنەرمەندانی راستەقینە بە تایبەتی کاک بەهمەنی قۆبادی.